# ژن و شوێن لە دیدی کوردناسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

**کامەران محمد قادر [١]، بەهرۆز بەکر عثمان [٢]**
[١،٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kamaran.qadir@univsul.edu.iq

## پوختە

پرسی ژن یەکێکە لە پرسە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و کوردناسەکان بایەخێکی بەرچاویان پێداوە. ئەمە لەکاتێکدا ئەم بابەتە تا ئەندازەیەک لە مێژوونووسیی کوردییدا فەرامۆشکراوە! بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە دێت کە لەسەربەنی کاری کوردناسەکانەوە کایەیەکی فەرامۆشکراوی ناو بواری مێژوونووسی کردووەتە بابەتی توێژینەوە، کە (مێژووی ژن)ە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکییەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە (مرۆڤ و شوێن، کورد و شوێن، ژن و شوێن)، دواتر لە دووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی (شیکارییە). شیکارییە بەو واتایەی بەوردی لە کاریگەرییە جیاوازەکانی شوێن لەسەر ژن ڕاماوین و شیمانکردووەتەوە. کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵی لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بینیوە، کە ئەوانیش سەرچاوەی یەکەمن سەبارەت بە توێژینەوەکە، واتە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە خودی نووسینی کورناسەکان خۆیانەوە وەرگیراون، لەو سەرچاوانەش: (ی. ئی، ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە) و (مەیجەرسۆن: گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، .... ، .....) و...تاد. ڕەنگە گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە کەمی کات بووبێت، چونکە توێژەر پەیوەست بوو بە تەواوکردنی توێژینەوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا. لە ئەنجامدا بەوە گەیشتین کە شوێن وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی دروستبوونی مێژوو، کاریگەرییەکی بنەڕەتیی و ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی مێژووی مرۆڤ و ئاراستەکردنی بزووتنەوەکەی جێهێشتووە و ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە شوێن کاریگەرێتییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر (ناو، زمان، هونەر، جەستە، کار، خشڵ و خۆڕازاندنەوە)ی ژنی کورد جێهێشتووە.

**ووشە کلیلییەکان:** ژن، شوێن، مێژوو.

## ملخص البحث

مسألة المرأة إحدى المسائل الحيوية في المجتمع الكوردي واهتم به الكوردولوجيين اهتماما ملموسا. في حين أن هذا الموضوع همش إلى حدما في الكتابة التأريخية الكوردية! ولهذا فإن أهمية هذه الدراسة تأتي من جعل منطلق عمل الكوردولوجيين الذين جعلوا من هذا الموضوع المهمش (تأريخ المرأة) داخل الكتابة التأريخية موضوعا للدراسة والبحث. محتوى هذه الدراسة يتكون من مقدمة وثلاثة محاور رئيسية وهي: (الانسان والمكان، الكورد والمكان، المرأة والمكان). والمنهج المتبع في هذه الدراسة منهج (تحليلي)، تحليلي بمعنى أن الباحثان تأملا بدقة المؤثرات المختلفة للمكان على المرأة وحلل ذلك. مجموعة من المصادر الأساسية لها تأثيراتها في تبلور هذه الدراسة

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٢/١٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | kamaran.qadir@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ پ. ی. د. کامەران محمد قادر ، بەهرۆز بەکر عثمان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

وتشكلها، التي تعد مصادر أولية عن هذه الدراسة، يعني أن المعلومات أخذ مباشرة من كتابات الكوردولوجيين أنفسهم، من تلك المصادر:( (ى. ئى، ڤاسيليەڤا: كوردستان الجنوب الشرقي من القرن السابع عشر إلى بداية القرن التاسع ) و ميجرسون(ميرزا غلام حسين شيرازى): رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت.فؤاد جميل...) و... الخ. والمشكلة الأساسية أمام الدراسة كانت قلة الوقت، لأن الباحثان كان ملزما بأن يكمل البحث في وقت محدد. في النهاية توصل الباحثان إلى أن المكان كعنصر أساسي لبناء التأريخ ترك تأثيراً كبيراً ومباشراً على بناء تأريخ الانسان وتوجيه حركته. ولذلك ترك المكان أثرا مباشراًعلى (الاسم، الزمان، الفن، الجسد، العمل، الحلية والزينة) للمرأة الكوردية.

**الكلمات المفتاحية:** المرأة، المكان، التاريخ.

## Abstract

the Status of women is one of the most important cases in Kurdish society and it has been enormously considered by Kurdologists. Nevertheless, this issue is grossly neglected by most of the Kurdish historians. the significance of the research has come from the point at the beginning of the work of the kurdologists it has shown an ignored matter of history writing as a research subject on one side which is women history. The content of this study includes the introduction and three major subjects such as, (human beings and places, Kurds and places, women and place). The approach adopted in this study is an analytical approach, in the sense that the researchers contemplated the determinants of the different influences of the place on women and analyzed that. Some significant and basic sources have played important roles here, so the first one is associated with( related to) the research, which means that The information has been derived directly from the research itself. The sources such as ( Vaseline, the east of Kurdistan, from the ١٧th Century till ١٩th century), (Mecharson : a visit to Mesopotamia and Kurdish unknown date ) as so on...Lack of enough time may be the main obstacle for the research as the researcher sticked to finish the research in a certain time. As a result, they have reached the conclusion that place has a fundamental component primary sources making history, and it has left a direct impact on creating the movement of human history. Therefore, the effect of place on woman's name, language, body, art, work, war, ornament, self-decoration, place of living... etc. has been shown.

**Keywords:** Woman, Place, History

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوەکە

زانستی کوردناسی زانستێکی نوێ و دەوڵەمەندە، بناغە و پێکهێنەری ئەم زانستە کارو بەرهەمە هەمەچەشنەکانی کوردناسەکانن، ئەم زانستە لە پێناوی ناسینی زمان و خاک و کەلتوورو داب ونەریتی کورددیدا بۆ چەندین مەبەستی جیاوازی دیکە هاتۆتە ئاراوە. لە درێژەی کاری کوردناسەکاندا رەوشی ژنی کورد و جۆری ژیان و پێگەی لە خێزاندا و جل وبەرگ و لایەنەکانی تری پەیوەست بە ژیانی ژنی کورد وەک مێژووی ژیانی رۆژانەو کارکردن و ئاکار و ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە ژن ئەنجام دراون بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کاری کوردناسەکان و لێی دواون. هەڵبەت بۆ ئێمەی کورد ئەم بەرهەمانە بەکەڵک و بەسودن لەبەرئەوەی لە نوسینەوەی مێژووی کورد دا بەگوێرەی پێویست دەربارەی ژنی کورد بەرهەم تۆمار نەکراوە و مێژووی ژنی کورد وەک کایەیەکی فەرامۆشکراو پەراوێزخراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها باسمان لە کاریگەریی رەگەزی شوێن کردووە لەسەر ژنی کورد، بەشێوەیەکی وردو زانستیانە رێژەو مەودای ئەو کاریگەرییانەمان خستۆتە بەرباس. کاریگەرییە سەرەکی و لاوەکییەکانی شوێنمان لەسەر ژیانی تایبەتی ژنی کورد نیشان داوە.

### ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکییەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە (مرۆڤ و شوێن، کورد و شوێن، ژن و شوێن) دواتر لە دووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی (شیکارییە). شیکارییە بەو واتایەی بەوردی لە کاریگەرییە جیاوازەکانی شوێن لەسەر ژن راماوین و شیمانکردووەتەوە.

### سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی رۆڵی لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بینیوە، کە ئەوانیش سەرچاوەی یەکەمن سەبارەت بە توێژینەوەکە، واتە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە خودی نووسینی کورناسەکان خۆیانەوە وەرگیراون، لەو سەرچاوانەش: (ی. ئ، ڤاسیلەیڤا: کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە) و (مەیجەرسۆن: گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا) و (تۆمابوا: ژیانی کوردەواری) و...تاد.

### گرفتی توێژینەوەکە:

ڕەنگە گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە کەمی کات بووبێت، چونکە توێژەر پەیوەست بوو بە تەواوکردنی توێژینەوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا. لە کۆتایدا هیواداربن توانیبێتمان بەم پشکدارییە خزمەتێکی زانستییمان کردبێت، هەروەك ئومێدەوارین ئەم توێژینەوەیە ببێتە دەسپێك و ڕێخۆشکەرێك بۆئەوەی لە ئاییندەدا لە ناوەندە زانستییەکانی کوردستاندا توێژینەوەی زیاتری بەدوادا بێت.

## تەوەری یەکەم/ مرۆڤ و شوێن:

کاتێک باس لە کاریگەریی شوێن لەسەر مرۆڤ دەکەین، تەنها زەوی وەک ڕووبەرێکی جوگرافی وەرناگرین، بەڵکو مەبەستمان لە (ئاوهەوا، پلەی گەرمی، خاک)ە. هەریەک لەم ڕەگەزانەش لە هەموو شوێنێکدا ئامادەن. مرۆڤ لەهەر شوێنێکدا بژی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئەو ژینگەیەدا هەیە. کەواتە شوێن یان ژینگە ناوەندی پرۆسەی مێژووە.( زريق،١٩٨٥،٥٠) شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی درووستبوونی مێژوو و لە ئاڕاستەکانی ڕووداوەکانی مێژوودا بە تەنها سەکۆیەکی بێ چرپە و بێ کاریگەرێتی نییە، هەربۆیە کاتێک ئێمە لەسەر کاریگەریی (شوێن) لەسەر مرۆڤ دەدوێین، ئەوا ناتوانین بەشێوەیەکی ئەبستراکت یاخود تەقلیدی (شوێن) وەربگرین و لەوێوە بەتەنها کاریگەریی شوێن بەسەر مرۆڤەوە بخەینەڕوو، بەڵکو دەبێت شوێن وەک خاک و ئاو و تەنانەت کەشوهەواش وەربگرین(قادر،٢٠١٥، ٥٥ - ٥٦)

هۆی دانانی ئاووهەوا وەک ڕەگەزێکی کاریگەر، نە شتێکی نوێیە، نە بۆچوونێکی تاکە کەسیشە، بەڵکو کاریگەریی قوڵی ئاووهەوا لەسەر دیاردە مرۆییەکان وای لە هەندێ لە فەیلەسوف و بیرمەندەکان کردووە، باوەڕێکی پتەویان بە سەنگ و قورسایی شوێن هەبێ، (هیبوکرات) کە خاوەنی کۆنترین نووسینە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، پێیوایە:» لە زۆربەی باردا جەستە و ئاکاری مرۆڤەکانیش بەگوێرەی سروشتی وڵاتەکان دەگۆڕێن»( المەلاح، ٢٠١١، ٢٠٨)

(جان بۆدین-١٥٣٠- ١٥٩٦) وایدەبینێت هەر شوێنێک خاوەن کەشوهەوایەکی تایبەت بە خۆیەتی، لەسەر ئەو بنەمایەش کاتێ باس لە کاریگەریی جوگرافیا دەکات، ئەو سێ جۆر لە کەشوهەوا جیادەکاتەوە، کەسێ جۆر لە ئادەمیزاد دروست دەکەن، بەلای (بۆدین)ەوە پیاوی ناوچەکانی ژوورو توڕە و توندوتیژ و گورج و گۆڵ و بە ئارام و کەم دوون، بەڵام مرۆڤی ناوچەکانی خواروو تۆڵەسێنەر و فێڵبازن، هەمیشە خەریکی زانستی شاراوە و سۆفیگەریی و ئاڵۆزییەکانی ئایینن، مرۆڤی کەشوهەوای مامناوەندیش زیاتر بیردەکاتەوە، لە پیاوی خوارو لۆژیکیتر و بەهێزترە، بەڵام لە مرۆڤی ژوور و لاوازترە( عیسا،٢٠٠٢، ١٧٦-١٧٧). بەبڕوای (مۆنتیسکۆ ١٦٨٩-١٧٥٥) بەهۆی کاریگەریی ئاوهەوای جیاوازەوە سیفاتی رۆحی و هەست و سۆزی مرۆڤەکان، دەگۆڕێت» (مۆنتیسکۆ، ٢٠٠٣،٣٣)

(تۆماس باکل-١٨٢-١٨٦١) لێکۆڵیار و مێژوونووسی بەریتانی دەڵێت:» ئاووهەوا، خاک، خۆراک و دیمەنە سروشتییەکان لە مێژووی ژیانی هەرگەلێکدا کاریگەریی دادەنێن، ئەو دیمەنە سرووشتیيانەی کە مرۆڤ تەماشایان دەکات لە بیر و جیهانی ئەندێشەیدا جێگە دەگرن، (باکل) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەوە دیمەنە جوان و ڕازاوە سروشتییەکان بوون هەزری هندییەکانی بەرەو خورافات و پەرستنی ئەو دیمەنانە برد(شکوئی،١٠٨،٢٠١٢) (فێرنان برۆدێل١٩٠٢-١٩٨٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەر دیاردەیەکی جوگرافی کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان دادەنێت، بۆ نموونە چیا بەلای برۆدێلەوە کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە پێکدەهێنێت، چونکە سروشتی چیا ژیانی داخراو دەسەپێنێت و وادەکات دانیشتوانەکەی ناچاربن خۆیان پێداویستییەکانی خۆیان بەرهەم بهێنن(ئەحمد، ٢٠٠٩، ٦٣٢-٦٣٣).

بەشێوەیەکی گشتی شوێن ڕەنگدانەوەیەکی فرە ڕەهەندی لەسەر ژیانی تایبەتی مرۆڤ و چالاکییەکانی بواری (کشتوکاڵی، ئاژەڵداریی، بازرگانیی) هەیە. جگە لەوەش کاریگەریی لە سەر جۆری دەوڵەت و ڕێژەی خۆشگوزەرانیی و دەوڵەمەندیی دانیشتوان و داب و نەریت و کەلتوورو ....تاد، هەیە. لێرەوە بۆئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی شوێن لەسەر ڕەوش و ژیانی ژنی کورد دەربخەین دەبێت لە تایبەتمەندییەکانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شوێنی کوردستان بدوێین.

## تەوەری دووەم/ کورد و شوێن:

تۆپۆگرافیای کوردستان ناوچەیەکی سەخت و ئاڵۆزە، ئەم تۆپۆگرافیایە لە (چیای سەخت، گرد، بان، دۆڵ، دەشت،...تاد) پێکهاتووە، ئاووهەواکەشی سەخت و نالەبارە، زستانی سەخت و هاوینی گەرم و وشک، زستان و هاوینی تەمەن درێژ، بەهار و پایزی تەمەن کورت، ئەم بارە سروشتییە ئاڵۆزەی خاکی کوردستان بەشێوەیەک هەڵکەوتووە، کە بەسەربردنی ژیان تێیدا ئاسان نییە، تەنانەت ئەم شوێنە هێندە سەختی و نالەباری تێدایە، کە داهێنانەکانی زانستیش وەک پێویست لەم جوگرافیایەدا نەیانتوانیوە دەوری کۆنترۆڵکردنی سروشت ببینن، بۆیە ئەم ڕەوشە کاریگەریی لەسەر باری سایکۆلۆژیی و میزاجی مرۆڤی کورد داناوە، لە ئاستێکی قوڵیشدا کاری لە چۆنێتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیش کردووە(قەرەداغی،٢٠١١،١٨-١٩).

هاوکات بە بڕوای بەشێک لە کوردناسەکان سروشتی ژینگەی کوردستان کاریگەریی قوڵ و هەمەچەشنی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد داناوە، کوردناسی ڕووسی (ڤاسیلیەڤا) پێیوایە لە نێوان مرۆڤی کورد و سروشتی کوردستاندا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، نزیکی مرۆڤی کورد لە سروشت و پێدانی سیفەتی مرۆڤانە بە دیاردەکانی سروشت مرۆڤی کوردی والێکردووە، کە باوەڕی بە کردەوەی بەدەر ئاسا (سیحر و جادوگەری) هەبێت، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە بۆ ئەمانە بکەین (پەنابردنە بەر هەندێ سەرمۆنیا بۆ باران بارین لەلایەن دەروێشانەوە، سیحر و نوشتە) (ڤاسیلیڤا،٢٠٠٩، ٢٤٥).

(مینۆرسکی) باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە مرۆڤی کورد سروشتی کوردستانی زۆر خۆشدەوێت، زیندوێتی بیری کوردەکان لە خۆشەویستییاندا بۆ کوردستان دەرئەکەوێت، بەشێوەیەک لە خاکی کوردستاندا بەردێک، دۆڵێک، درەختێکی جیا جیا نییە کە ناوێکی نەبێت، ئیترهەر ناوێک بێت، یان نەبەسترابێت بە ئەفسانەیەکەوە (مینۆرسکی، ١٩٨٤، ١٤٨).

کوردناسی فەرەنسی (ژاک دمۆرگان- ١٨٥٧-١٩٢٤) کە لە ساڵی ١٨٨٩ گەشتی بۆ ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، باس لەوە دەکات تاکی کورد لە زۆر ڕووەوە لەژێر کاریگەریی سروشتی کوردستاندایە، بەتایبەتی سەختی وەرزی زستان و و بارینی بەفرێکی زۆر دەبێتە هۆی ڕاگرتنی چالاکییەکان و پەیوەندی گوندەکان دەپچڕێنێت، درێژەکێشانی وەرزی سەرما بۆ کورد شتێکی تاقەت پڕوکێنە، ئەوەش کارێکی وادەکات کە تاکێکی کورد بە تامەزرۆییەوە بۆ گۆڕینی ئاووهەوا بڕوانێ، حەز بە نوێبوونەوەی سروشت و ڕەنگاو ڕەنگ بوونی سروشت و دیمەنی نوێ دەکات. لە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی زستان کاتێک توانەوەی بەفرەکان بەرەو کۆتایی دەچێت و وەرزی بەهار دەستپێدەکات، سروشت ڕەنگ و ڕوویەکی تەواو نوێ نیشان دەدات، ئەم دیمەن و گۆڕانانە تاکی کوردی بەختەوەر دەکەن (دمۆرگان، ٢٠١٢، ٢٧)

(کریس کۆچێرا) لە بارەی سروشتی کوردستانەوە دەڵێت:» ناتوانین ئەوە ڕەتبکەینەوە ئەو جوگرافیایەی کە کورد تێیدا نیشتەجێیە ڕۆحیەتی ئەوانی پەروەردە و ڕەوتی مێژووی ئەوانی دیاریکردووە، چونکە ئەو چیا سەخت و و ئەو هەوا ئەستەمانە نەبوونایە کوردەکان زۆر لەمەوبەر بەهۆی خێڵە بەربەرەکان کە لە ڕەوتی سەدەکاندا، ئاسیای گچکەیان وێران کرد لەسەر گۆی زەوی دەسڕانەوە»( کۆچێرا،٢٠١٣، ٢٨).

سروشتی سەختی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە دژی ئەو هێزانەی کە نیازی داگیرکردنی کوردستانیان هەبووە، تا ئەو هێزانە بەئاسانی لە پرۆژەی داگیرکردنی کوردستاندا سەرنەکەون، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت بۆ هەمیشەیی نەیان توانییوە حوکمڕانی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن، ئەوەش هۆکارێک بووە تا دەسەڵاتە نێوخۆییەکانی نێو کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ بمێننەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو سروشتە هۆکارێک بووە تا تاکی کورد هەست بە ئازادی و سەربەخۆی بکات و ژێردەستەیی ڕەتکاتەوە.

بەبڕوای (لازاریف) دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری زەمینەی زیاتری ڕەخساندووە تا سروشتی کوردستان جێدەستی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد زیاتر بنەخشێنێت، لەهەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکان پەرە نەسێنێت و لەڕووی پەیوەندییە کلتووریی و ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوپێشەوە نەچێت، ئەوەندەش زیاتر فاکتەری جوگرافی گرنگیەتی دەردەکەوێت، ڕادەی کاردانەوەی ئەم تیۆرە

له نموونەی کوردانداا زۆربەجوانی دەردەکەوێت (لازاریف، ٢٠١٦، ١٧).

شایەنی باسە لەنێو شوێنەکانی کوردستاندا هەندێک لەو شوێنانە لەچاو شوێنێکی تردا کاریگەرییان زیاترە، یەکێک لەو شوێنانەی بەهۆی دیمەنە قەشنگ و ناوازە و ئاوهەوا فێنکەکەیەوە لە شوێنێکی واقیعییەوە بۆتە شوێنێکی خەیاڵی، بریتییە لە ناوچە کوێستانییەکان. مرۆڤی کورد حەز بە گەشتکردن بۆ ناوچە کوێستانییەکان دەکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە جێگایەکدا دەژین، کە لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمای بەرزە. بۆ نموونە کوردناسی ئینگلیزی (مەیجەرسۆن) باس لەوە دەکات، ئەو گۆڕانەی لە ئاووهەوای هەڵەبجەدا روویدەدا بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە وەرزی هاویندا کاریگەریی لەسەر (عادیلەخان) دروست کردبوو، بۆ حەوانەوەی خۆی و دەربازبوون لە پلە بەرزەکانی گەرمای هاوین، هەڵەبجەی جێدەهێڵا و روویدەکردە ناوچە کوێستانییەکان، شوێنی حەوانەوەی خۆی و دەست و پێوەندەکەی لە گوندێکی بچووکدا لە بەرزاییەکاندا رێک دەخستەوە (مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٢٦). ئەو شوێنەی کە عادیلەخانم بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای هاوینەوە سەردانی دەکرد بریتی بووە لە (تەوێڵە). لە راستیدا گۆڕانی کەشو هەوای کوردستان تەنها گۆڕانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم ژنە کوردەدا دروست نەکردووە، بەڵکو روکردنە هەواری ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان دەستووریی بەشێکی تری ژنانی کوردستان بووە و بەتایبەتی کۆچەرییەکان.

(مارتن ڤان برۆنسن) بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە، کە دەڵێت کوردەکان تەنها لەبەر بوونی لەوەڕگا سەردانی ناوچە کوێستانییەکان دەکەن، بەڵکو بوونی ئاووهەوا فێنک و سەرنجڕاکێش و کەمەندکێشەکەی مرۆڤی کورد پەلکێشی ئەو هاوینە هەوارانە دەکات، فێنکی و پاکی ئاووهەوای ئەو ناوچانە تەنانەت خەڵکانێکیش کە مەڕ و بزن و ئاژەڵیان نیە بۆ چێژوەرگرتن هاوینان دەچنە ئەو هەوارانە، ئەمەش زیاتر لەنێو دانیشتوانی ئەو گوندانەدا باوە کە کەوتونەتە نێو دۆڵەکان یان ناوچە شاخاوییەکان، ژیانی نیمچە کۆچەری لەنێو گوندی ناوچە دەشتاییەکاندا باو نییە(برونەسن، ٢٠١١،٤٥-٤٦).

لەنێو کورددا زۆربەی گوندییەکان هەواریان هەبووە، هەندێك جار ئەو هەوارە شوێنێکی دیاریکراو بووە و زۆر لە گوندەکەی خۆیانەوە دوور نەبووە، بەڵام زۆرجاریش وارێکەوتووە کە ڕوویان لە کوێستانەکان کردووە و ماوەیەکی زۆر لە گوندەکەیان دوورکەوتوونەتەوە، واتە ڕووبەری ناوچە کوێستانییەکە کە بۆی ڕۆیشتوون زۆر بووە و جاری واش هەبووە سنووری بەزاندنی تێکەوتووە، کە لە بەهاراندا بۆی ڕۆیشتوون و لە سەرەتای پایزدا گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانی خۆیان.

بە بۆچوونی هەواڵنێری ئەمەریکایی (جاناتان رەندڵ) ناوچە چیاییەکانی کوردستان بەرێژەیەکی زیاتر کاریگەرییان لەسەر مرۆڤی کورد دروست کردووە، لەبەرئەوەی کوردەکان بڕوایان وایە چیاکان تەنها شوێنێکن، کە دەتوانرێت لەکاتی هێرشی داگیرکەراندا خۆتی تێدا بپارێزیت، هەروەها لەمپەر و بەربەستێکی بەهێزیشن لەبەردەم داگیرگەردا کە ناتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکات، ئەوەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی داگیرکەران، هەرئەوەش وای لە کوردەکان کردووە کە وەک رەمزێک لە چیاکان بڕوانن، تەنانەت پێیان وایە تەنیا چیا دۆستییانە (رەندڵ، ٢٠٠٣، ٦).

کوردناسی فەرەنسییش (تۆمابوا١٩٠٠-١٩٧٥) پێیوایە دیمەنە دەگمەن و رەنگین و قەشەنگەکانی کوردستان لە زۆر ڕووەوە کاری لەسەر مرۆڤی کورد کردووە، بەتایبەتی لە بواری گۆرانی و فۆلکلۆری کوردیدا ئەم کاریگەرییە دەردەکەوێت (تۆمابوا،١٧،١٩٨٠). جگە لەوەش رەنگاو رەنگی دیمەنەکانی ئەو سروشتە کاریگەریی لەسەر جۆری جل و بەرگ و رەنگاورەنگی و پارچە جیاوازەکانی جل وبەرگی ژنانی کورد داناوە، بینینی ئەو دیمەن و وێنە رەنگاو رەنگانە رەنگدانەوەی لەسەر ئەندێشەو بیری ژنی کورد بەجێهێشتووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەری سێیەم/ ژن و شوێن:

کوردناسەکان پێیانوایە سروشت و ژینگەی کوردستان لە ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆرەوە کاریگەریی لەسەر مرۆڤی کورد داناوە، دەکرێت لە ڕوانگەی ئەوانەوە جۆری کاریگەرییە سروشتییەکان لەسەر ژنی کورد بەم شێوەیە بخەینە بەرباس.

**١- ژن و ناو:**

ناو ئامرازێکی سەرەکی ناسینەوەی مرۆڤە، مرۆڤ لەهەر شوێن و ناوەند و خێزانێکدا بێت ناوێکی لێدەنرێت، ئەو ناوە دەبێتە شوناسێک بۆ ئەو کەسە، سێ هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ناودا لەنێو کورددا کاریگەرییان داناوە، ئەو سێ هۆکارەش بریتین لە (سروشت- ئاین، نەتەوە)، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە دەرخستنی کاریگەریی سروشتە لەسەر هەڵبژاردنی ئەو ناوانەی لە ژنی کورد نراون، بەشێکی ناوی کورد لە ناوی سروشتی کوردستانەوە وەرگیراون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەشدا ڕەچاوکردنی سروشتی هەریەکە لەو دوو ڕەگەزە و جیاکاریی ڕەگەزیی لەسەر هەڵبژاردنی (ناو)یش ڕەنگی داوەتەوە، دەبینی ئەو ناوانەی کە نموونەی بلیمەتیی و سەرکەشیی و بڵندی و بوێریین وەک (قەندیل، کۆسرەت، سورێن، بەمۆ، زاگرۆس...تاد) بوونەتە بەشێک لەناو بۆ ڕەگەزی نێر، بەپێچەوانەوە ئەو ناوە کوردەوارییانەی کە لە دیمەنە سروشتییەکانی کوردستانەوە بۆ ژن هەڵبژێردراون، زیاتر نەرم و نیان و ناسکترن (پرشنگ، ڕەعنا، گوڵاڵە، هەڵاڵە، کوێستان، بەفرین، بەفراو، هێشوو، بەهار، کاڵێ، گەلاوێژ، چیمەن، ڕووبار، مەهاباد..تاد)، بەوردبوونەوە لەسەر هەریەک لەم ناوانە تێدەگەین کە سروشتی کوردستان بە دارودرەخت و میوەکانی و گوڵ و وەرز و مانگەکانی ساڵ و گۆڕانی کەشوهەوا و ئەو دیمەنانەی کە لەو گۆڕانکارییانەوە پەیدادەبن، هەرچەندە گۆڕانێکی سروشتین، بەڵام لە جەستەی هەریەکە لەواندا ڕوودەدات، بۆیە مرۆڤی کورد کەوتۆتە ژێر هەژموون وکاریگەریی ئەو سروشتەوە و نەیتوانیوە خۆی لێ دوورەپەرێز بگرێت(فاید،٥٠،٢٠١٠). لە بواری هەڵبژاردنی ناودا کاریگەریی لە نێوان ژن و شوێندا دوو لایەنەیە، وەک چۆن شوێن بۆتە سەرچاوەیەک بۆ ناوی ژنانی کورد، بەهەمان شێوە ناوی ژنیش بۆتە ناوی شوێنێکی کوردستان و ئەو شوێنەی پێناسراوەتەوە، ئەمەش شتێکی دوولایەنەیە وەک چۆن دیمەنی سروشت و شوێنە واقیعییەکان ناوی ژنی بۆ داتاشراوە، بەهەمان شێوە ناوی شوێن و ڕەگەزەکانی سروشتی کوردستانیش بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ ناونانی ژنان، (مینۆرسکی١٨٧٧-١٩٦٦) لەمبارەوە نووسیویەتی» لە ناوچەی موکریان لوتکەیەک لە لوتکەکانی قەندیل بەناوی (خان بوداغ کەیغان)ەوە کراوە کە ژنی (فەقێ ئەحمدی دارەشمانە)بوو(مینۆرسکی، ٢٠١٨، ٧٦).

(مینۆرسکی) نموونەیەکی ترمان بۆ دەهێنێتەوە کە چۆن جوانی و قەشەنگی دیمەنی ژن لەکاتی بوکێنیدا بۆتە ناوی یەکێک لە شارەکانی کوردستان، ئەویش بریتییە لە ناوی شاری (بۆکان)، ئەم کوردناسە دەڵێت:» هەرچەندە لەسەر ئەم ناوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام من پێموایە ئەم ناوە لەناوی بووکەوە هاتبێت، شۆخ و شەنگی بووک لەگەڵ شوێنی جوانی سروشتی شارەکە لێک نزیکن، ژنیش لەکاتی ڕازاندنەوەی ڕۆژی بوکێنیدا لای پیاوی کورد دیمەن و وێنەیەکی قەشەنگی هەیە، بۆیە لە وشەی (بوکان)ەوە هاتووە، واتە کۆی بوک (مینۆرسکی، ٢٠١٨، ٣٥)

بەبۆچوونی (ریچ ١٧٨٧-١٨٢١) ژیانی کورد تێکەڵ بەسروشت و کەشوهەوای ئەو شوێنانە بووە کە لە دەروپشتیدا گۆڕان بەسەریاندا دێ، مرۆڤی کورد ناوی ژنی لەو گۆڕانانەش ناوە، بۆ نموونە لە کۆتایی شەوەکانی مانگی (ئاب)دا، کاتێک لەو شەوانەدا هەوا فێنکتر دەبێت، شەو لەدوای شەو کزەی هەوا کەمێک فێنکتر دەبێت، کوردەکان بەم دیاردەیە دەڵێن (گەلاوێژ کەوت)، واتا ئیتر هێدی هێدی تینی گەرمی بەتایبەتی لەشەودا ڕوو لە کزی دەکات، (ریچ،٢٠١٢، ١٩٤). پەیوەندی ژن و شوێن لە بواری هەڵبژاردنی ناودا پەیوەندییەکی تاکلایەنە نییە، بەڵکو وەک چۆن شۆخی و دڵگیربوونی سیما و ڕوخساری ژن بۆتە سەرچاوەیەک بۆ هەڵبژرادنی ناوی شوێن، لەهەمانکاتیشدا دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دیاردکردنی ناوی ژنانی کورد.

**٢.شوێن و جەستە:**

دیارە شوێنی نیشتەجێ بوون کاریگەریی لەسەر ڕەنگی پێست و جوانی ڕووخسار و جۆر و شێوەی جەستەش دادەنێت، مرۆڤ لە هەر ئاووهەوایەکدا بژیی بونیاد و پەیکەر و شێوەی لەژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەوا و ژینگەدایە کە تێیدا نەشونما دەکات و پێدەگات. بە بڕوای (ریچ) نالەباریی کەشوهەواوی کوردستان نەبۆتە هۆی ئەوەی لەڕووی جەستەییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر مرۆڤی کورد دابنێت، سەرباری نالەباریی کەشوهەواکەشیان بەشێوەیەکی گشتی ژنانی کورد لەش ساغ و بەهێزن(ریچ، ٢٠١٢،٣٢٢). بەبڕوای لێکۆڵەری فەڕەنسی (د.جویس بلو) ئەو جوگرافیا فراوانەی کە کوردەکانی تێیدا دەژین، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی جەستییەوە ژنانی کورد جیاوازبن(بلۆ، ٢٠٠٤، ١٧)، بەڵام (ریچ) بۆچونێکی جیاوازتری هەیە و دەڵێت:» ژنانی کۆچەریی بە بەراورد بە ژنانی گوند و شار خاوەن جەستەیەکی بەهێزترن، ئەوەش بەهۆی کۆچی بەردەوامی ئەوانەوەیە، کە بەردەوام لە جوڵە و بزاوتنان، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خاوەنی جەستەیەکی تۆکمەبن، پڕن لە جوانی و شیرینی» (ریچ، ٢٠١٢، ١٩٢).

جەستەی ژنانی کۆچەریی لەڕووی شکڵ وبونیادەوە لە جەستەی ژنانی نیشتەجێ بەهێزترو پتەوتر بووە، بەهۆی ئەوەی ئەوان بەردەوام لە هاتوچۆو گەشتکردندا بوون، بەڵام لەرووی ناسکی و جوانی روخسارەوە وەک ژنانی نیشتەجێ نەبوون، لەبەرئەوەی ئەوان لە ئاوهەواوی جیاوازدا دەژیان ئەوەش هۆکارێک بووە تا گۆڕان بەسەر جوانی روخساریاندا بێت، جگە لەوەش گەشتە بەردەوامەکان ماندو و هیلاکی دەکردن.

شایانی باسە جگە لەو کاریگەرییانەی کە سروشت لەسەر جەستەی ژنی کوردی داناوە، لێکچواندن لە نێوان جوانییەکانی جەستەی ژن بە جوانی دیمەنەکانی سروشتی کوردستان کراوە، وێنەی جوانی ژن و سروشت پێکەوە گرێدراون، (تۆمابوا) ئاماژە بەوە دەکات، دیمەنی جوانی ژن دراوەتە پاڵ دیمەنی جوانی سروشت و شوێنەکانی کوردستان. وەک ئەم گۆرانییەی گۆرانیبێژ نیگا و دیمەنی ناوازەی خۆشەویستەکەی دەچوێنێت بە هەندێک لە دیمەنە سروشتیەکانی کوردستان.

ئامۆزا چاوەکانت تیشک و ئاگرن

لەسەر چاوەکانی ئەخماخان ئەچن

ئەڵێی ئاسکیت، لە نێوان گوڵەکانی ئەخماخاندا

تۆ ئەو گوڵە شاخاوییە جوانەیت کە خاوەنی گوڵاوی بێ پایانی

لەژێر تیشکی قژە ئاڵتوونییەکەتدا خۆت شاردۆتەوە

پەلکەکانی قژت ئەچێت بەم لاولادا، هەروەکو شنە فێنکەکەی ئەخماخان (تۆمابوا،١٩٨٠، ١٧).

ئەم هۆنراوەیە نیشانمان دەدات، جوانی سیما و رواڵەت و جەستەی ژنێک بە جوانی دیمەنە ناوەزەکانی سروشتی کوردستان چوێنراوە، وێنەی جوانی ئەو ژنە دراوەتە پاڵ سەرچاوە ئاوییەکانی ئەخماخان. لێرەدا جوانیی و ڕازاوەیی کە تایبەتمەندی ژن و سروشتن لێکدراون و بەیەکدی چوێنراون، جگە لەمەش (مسیۆ چریکۆڤ) لە ماوەی ١٨٤٨- ١٨٥٢ سەرۆکایەتی وەفدی رووسی بوو بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و لەو ماوەیەدا سەردانی زۆرێک لە ناوچە کوردییەکانی کردووە، بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێک چۆتە نێو شاری سنە، کوردەکانی ئەو شارە جوانیی و ڕازاوەیی ئەو شارەیان بە جوانی سنگ و مەمکی ژن دەچوواند(چریکۆڤ، ٢٠١٣، ١٧٠). ئەم زانیارییەی کە (چریکۆڤ) تۆماریکردووە، دەرخەری بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان جوانیی ژن و سروشتی جوانی شاری سنەدا، هەردوولایان بەهۆی سیما و سیفەتی جوانییەوە لێکچواندنیان لە نێواندا کراوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**٣. ژن و زمان:**

شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەریی لەسەر زمانی قسەکردن و ئەو ووشانەش دادەنێت کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ژنانی لادێ بەکاری دەهێنن، پەتی تر و کوردەواریی و ڕەسەن ترن. وەک ئەو قسەیەی کە دەگوترێت، پاراوترینی زمانی هەر نەتەوەیەک ئەو زمانەیە کە کۆمەڵانی ئاسایی خەڵکی قسەی پێدەکەن، بەتایبەت ژنە بەساڵاچووەکان (برونیسێن،٢٠١٢، ١٢٢). خاتوون (جانیت کلاین) کە پرۆفیسۆری بەشی مێژووی زانکۆی «ئاکرۆنە» لە ئەمەریکا نووسیوویەتی:» نووسەرە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست ژنانی مەڵبەندی لادێکانیان وەک یەکێک لە سەرچاوە پڕ بایەخ و سروشتییەکانی نەتەوە سەیر دەکرد، بڕوایان وابوو دەکرێت وەک سەرچاوەی (کوردییەکی پاراو) سەیری ژنان و کۆمەڵانی خەڵکی لادێ بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە ژنانی گوند پەیوەندییەکی کەمیان لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد هەبوو، ناسیۆنالیستەکان وابیریان دەکردەوە، کە ئەو زمانەی ژنی لادێ پێی دەدوێ ڕەسەن و پاراوە و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی خراپی زمانەکانی دیکە، لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی کە چاکسازییان لە زماندا دەکرد لە پرۆژەی ستاندارکردنی زمانی کوردیدا وەک گەنجینەیەکی نەتەوەیی سەیری ژنیان دەکرد، بەتایبەتی ژنە بەساڵاچووەکان، چونکە بە بڕوای ئەوان ژنانی گوندەکان بەپێچەوانەی ژنانی شارەوە بەهۆی ئەوەی لە شوێنێکی دوورە دەست و داخراودان نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کلتووری بێگانە»(برونیسێن،١٢٢،٢٠١٢).

زمانی هەر گرووپ و کۆمەڵێکی دیاریکراو ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا دەژی، ئەمە نەك بۆ کورد بۆ هەموو گەلانی دنیا دروستە، لەڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە و زۆربەی دێهاتەکانیشی لەبەر زۆر هۆکار لە شوێنی چەپەك و لاڕێ و ناو چیاکاندابوون، کۆچەریی و گوندییەکانیش کەمتر تیکەڵی شارەکان بوون، بۆیە زمانەکەیان بە پاکی مابوویەوە. ژینگەی گوند بەهۆی ئەوەی ژینگەیەکی داخراوترە و کراوەتر نییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو زمانەی پێی دەدوێن زیاتر میللی تر و کوردەواریانەتر بێت. کەواتە شوێنی نیشەجێبوون ڕەنگدانەوەیەکی سەرەکی لەسەر زمان و شێوەی دەربڕین و ئاست و ڕێژەی دەنگ و دەربڕین و بەکارهێنانی وشەکان هەیە، سەختی ژینگەی کوردستان بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین زاراوەی جیاواز.

**٤.ژن و کار**

شوێن و سروشتی کوردستان لە بواری جۆری کارکردن و کاتی کارکردنی ژنی کورددا کاریگەریی داناوە، هەربۆیە ناکرێ لە خوێندنەوەی مێژووی ژیانی ژنی کورددا ئەم کاریگەرییە فەرامۆش بکرێ، کوردناسەکان لە ڕێژەی ئەم کاریگەرییە بێئاگانەبوون، ئەوان لەوە تێگەیشتبوون کە پەرتەوازەیی جوگرافیا و بەرزونزمی رووی زەوی کوردستان لە زۆر رووەوە شێوەی کار و چالاکییەکانی ژنی کوردیان دیاری کردووە(بەیگی، ٢٠١٤، ١٩٢-١٩٣). شایانی باسە (ژاک دمۆرگان) پێیوایە کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئاڵوگۆڕی وەرزەکان کاری لەسەر کاتی ئەو کارانە داناوە، کە ژنانی کورد ئەنجامیان داوە، ئەم کوردناسە نموونە بە ژنانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی سنە و دەوروبەری دەهێنێتەوە کە لە وەرزی پایز و زستاندا کاری رستن و چنینیان کردووە، لەبەرئەوەی لەو دوو وەرزەدا بەهۆی سەرما و سۆڵە و بارینی بەفرێکی زۆرەوە ژنەکان نەیان دەتوانی زۆرتر بچنە دەرەوەی ماڵ و کارەکانی دەرەوە بکەن، بۆیە لەو کاتە سەختەدا زیاتر لەنێو ماڵەکانیاندا دەمانەوە و راخەر و قوماشیان دەچنی (دمۆرگان، ٢٠١٢،٧٨). لەلایەکی ترەوە شوێن کاریگەریی لەسەر جۆری ئەو کارانەش داناوە کە ژنی کورد ئەنجامی داون، بۆ نموونە (مەیجەرسۆن) بۆمان باس دەکات کە ژنانی کۆچەریی وەک پیاوەکانیان خەریکی کشتوکاڵ نەبوون، چونکە بەلای کۆچەریی تەواوەوە سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵەوە کارێکی نەشیاوە، هەربۆیە بەردەوام جگە لە ئەرکە خێزانییەکان کاتەکانی تریان بە ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاژەڵدارییەوە بەسەردەبرد، بەڵام ژنانی لادێ لە پاڵ کارەکانی ماڵەوەدا کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریشیان کردووە، یارمەتی پیاوەکانیان داوە، ژنانی مەڵبەندی شار بە بەراورد بە ژنانی لادێ و ژنانی هۆزە کۆچەرەکان کەمتر بە کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، هەندێ پیشەی تریان کردووە « (مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٧٧).

لێرەوە دەتوانین بڵێین شوێن مرۆڤ بەرەو کارگەلێکی دیاریکراو ئاڕاستە دەکات، یان ناچاری دەکات کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات. ئاوهەوای

خاکی کوردستان زەمینەیەکی رەخساندبوو تا دانیشتوانی کورد خەریکی چالاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بن، هەریەک لەم دوو جۆرە چالاکییەش بەتەنها بە پیاو بەڕێنەدەکران، ژنانیش بەشێک لەو کارە گرانانەیان ئەنجام دەدا. ئەو کارو چالاکییە هەمەجۆرانەی کە ژنی کورد لەناوماڵ و دەرەوەی ماڵدا ئەنجامی داوە هۆکارێک بوو تا پێگەی ژن لە کۆمەڵی کوردەوارییدا بەرزبکاتەوە.

**٥. ژن و کوشتار:**

تایبەتمەندی جوگرافی کوردستان لە مێژەوە تا ئێستا گرنگییەکی سیاسی لە ناوچەکەدا پەیداکردووە، بەدرێژایی سەدان ساڵ یەکێک لە ناوچە قەیراناوییەکانی جیهانی پێکهێناوە، بەجۆرێک بۆتە سەرچاوەی تێکهەڵچوونە بێکۆتاییە سیاسیی و دیپلۆماسیی و سەربازییەکان، ئەم شوێنە بۆتە گۆڕەپانێک بۆ تێکهەڵچوونی بەرژەوەندییە ناتەبا و فرە قەیراناوییەکانی گەلێک لە گەلان و وڵاتان. سەرەکیترین لایەنەکانی ململانێ بۆ پاوانکردنی خاکی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بریتی بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی (عوسمانی و قاجاری) لە ماوەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا (واباشترە بڵێی جەنگی یەکەمی جیهانیدا یان یەکەمین جەنگی جیهانیدا) دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا)ش هاتنە گۆڕەپانەکەوە و دەستیان خستە نێو کوردستانەوە و هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی داگیر کرد (لازاریف، ٢٠١٦، ١٨-١٩).

(لازاریف) باس لەوە دەکات هەریەک لەو دەوڵەتانە لە پەلهاویشتن و دەستوەردان و داگیرکاریی بۆ سەر خاکی کوردستان درێغیان نەکردووە، لە ئەنجامی سیاسەتی چاوچنۆکی ئەوانیشدا کوردستان بۆتە لانکە و گۆڕەپانی شڵەژانە توندوتیژ و بەردەوامەکان، ئەوەش ژینگەیەکی نائارام و ڕەوشێکی ئاڵۆزی بۆ ژنی کورد دروست کردووە، لە نموونەی هەرە بەربڵاوی ئەو زەبروزەنگانەی کە ژنی کورد لەژێر کاریگەریی کاردانەوەی ئەو داگیرکارییانەدا گیرۆدەی بوون، بریتین لە (ڕاگواستنی زۆرەملێ، ئەتکردن، کوشتن) (لازاریف، ٢٠١٦، ٤٦-٦٣). (دەیڤید ئەندروس) بڕوای وایە هێزە داگیرکەرەکانی (تورکیا، ئێران، عێراق) هەر شوێنێکی کوردستانیان داگیرکردبێت ژنی ئەو شوێنە دووچاری مەینەتی و کوشتن و بڕین بۆتەوە، جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی لە دوای پرۆسەی داگیرکارییەکە ئەو مەڵبەندەی کە هێزە داگیرکەرەکە دەستی بەسەردا گرتبوو، فەرامۆش کرابوو، بەوەش ژنانی ئەو شوێنە دووچاری هەژاریی بوونەتەوە (ئەندروس، ٢٠٠٩، ٤٤-٤٥).

(لازاریف) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە سیاسەتی هەریەک لەو دەوڵەتانە لە ئاست دانیشتوانی خۆجێی نێوچە کوردیەکانیشدا بریتییە بووە لە شێوازە جۆر بەجۆرەکانی سەرکوتکاریی و کۆمەڵکوژیی و گوشاری سیاسیی و بێبەریکردنی لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان(لازاریف، ٢٠١٦، ١٩).

لەمێژووی کورد چەندین جار ژنانی کورد بوونەتە قوربانی دەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بۆ نموونە (شا ئیسماعیلی سەفەوی) لە سەرەتای سەدەی شانزەدا هێرش دەکاتە سەر میر (شەرەف) ی پاشای جەزیرە و میری بەزاندو تەواوی وڵاتەکەی تاڵانکرد، ژمارەیەکی زۆری لە ژن منداڵ و پیر و پەککەوتەیشی کوشت و خەڵکانێکی زۆریشی سەربڕی، ژمارەیەک ژنی کوردی بەخسیر کرد، میر شەرەفی ناچار کرد کە گەڵیدا ڕێک بکەوێت و کچێکی بنەماڵەکەی خۆشی دایە. ئەو ڕێککەوتنە درێژەی نەکێشا و پاش ساڵێک شا (ئیسماعیل)سوپایەکی تری نارده سەر شارەکە و شاریان تاڵان کرد و خەڵکیان ئەنجن ئەنجن کرد، سەرەتا دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانی پیاوان، پاشان ٢٠ ژن و کچیان ئەتکرد، پاشان ڕەشە کوژیەکە دەستی پێ کرد، سوپای تازە هاتوو دەست درێژی سێکسیان لە دژی ژنانی کورد ئەنجامدا(برونەسن،٢٠١١، ل ٢٢٥-٢٢٦).

هەروەها لەسەردەمی شاعباسی یەکەم لە ماوەی ساڵانی ١٦١٠-١٦١٢ کاتێک سوپای ئێرانی هەڵمەتی هێنایە سەر کوردانی ناوچەکانی موکریان و برادۆست و قەسابخانەی خوێناوی قەڵای (دمدم)ی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا بەشێک لە ژنانی عەشیرەتی موکریانی بوونە قوربانی و بەشێکیشیان بەدیل گیران(لازاریف،٢٠١٠،ل ١٥١).

لەسەدەی نۆزدەهەم بەدواوە ڕێژەی قوربانیەکان و کۆمەڵکوژی و ئازاردانی ژنانی کورد ڕوو لەهەڵکشان دەکات. لەبەرئەوەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگ و ململانێکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی، ئێرانی، ڕووسی، ئەمە کوردەکانی ناچار کردبوو کە ببنە

لایەنی سێیەمی ئەو شەڕە یەک لەدوای یەکانە، لە ئەنجامی ئەو جەنگانەشدا بەشێکی زۆری پیاوی کورد بەهۆی بەشداربوونیان لەو شەرانەدا کۆتایی بە ژیانییان هات، ئەوەش ئازارێکی دەروونی بۆ ژنەکانیان جێ دەهێشت و خەمی جودای و لێکدابڕانی پیاو و کوڕەکانیان بەرۆکی زۆر ژنی کوردی گرت، چەندان کچی بێ باوک و چەندانی ژنییشی بێوەژن و بێ سەرپەرشت خست(گارنێت، ١٩٩١، ل٩).

لەماوەی سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشێک لە ژنانی کورد لەسەر دەستی رووسەکان دووچاری ئازاردان بوونەوە، (میرزا ئەحمەدی رەئیس) کاتێک باسی رووداوەکانی ئەو رۆژگارە دەکات دەڵێت:» بەدەستەکانی خۆم لە سابلاخ کەلاکی شەش هەزار ژن و پیاو منالی کوردم شاردەوە، ئەمە جگە لە لاشە و کەلاکی ئەو کەسانەی کە لەژێر بەفردا بوون یان نەدۆزرانەوە یان سەگ و گوورگ و ئاژەڵی درندە خواردبوونی (ئۆسکارمان، ٢٠١١، ل١٢). لەسەدەی بیستەمیشدا چەندنین نموونەی ترمان هەیە، بۆ نموونە توندوتیژی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد لەساڵی ١٩٣٧دا گەشتە دڕندانەترین شێوەی توندوتیژی، کونسوڵی بەریتانیا لە ترابزۆن باسی زەبروزەنگی دڕندانەی تورکەکان دەکات، کە بەرامبەر ژن و منالی کورد ئەنجامیان دا، تورکەکان تەنها بە کوشتن و دەستگیرکردنی کوردەکانەوە نەوەستان، بەڵکو دەستیان بەسەر سەرچاوە ئابوریەکانیاندا گرت، سەرەوەت و سامانی کوردەکانیان بۆ خۆیان زەوت کرد و بەهەزاران ژن و منال کوژران، بەشێکیشیان خرانە نێو چەمی فوراتەوە( براونێسن، ٢٠١٢، ل١٦).

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەرکاتێک کوردستان لەلایەنی دەوڵەتانی ترەوە داگیرکرابێت ژنانی نیشتەجێی ئەو شوێنە کوردییە دووچاری کوشتن وبرسێتی و دەستدرێژی سێکسی و ئاوارەیی و قڕکردن و ...تاد بوونەتەوە..

**٦. ژن و هونەر:**

هونەر دەربڕینی دۆخێکی رۆحیی و هەستەکییە، پەیوەندییەکی دوور و درێژ لە نێوان مرۆڤ و هونەردا هەیە، مرۆڤ ئەو هەست و وزە و توانایەی کە لە ناخیدایە لەڕێگەی یەکێك لە جۆرەکانی هونەرەوە دەردەبڕێت، بەشێک لە هونەرەکان پەیوەستن بەهێزی دیتنەوە، وەک وێنەکێشان، بیناکاری، سەما و هەڵپەڕکێ، هەڵکۆڵین، سینەما، شانۆ، بەشەکەی تریان پەیوەستن بە بیستنەوە و لە خۆگری شیعر و مۆسیقا و ئەدەبیاتن (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٠، ٤٢)

شوێن رۆڵێکی سەرەکی لە جیاکردنەوە و دروستبوونی جۆرە جیاوازەکانی هونەر هەیە، هەر میللەتێک خاوەنی جۆری هەڵپەڕکێ و گۆرانی و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیەتی، لە کوردستانیشدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هونەری شایی و هەڵپەڕکێ گۆڕانی بەسەردا دێت، تا بە قوڵایی نێوچە کوردییەکاندا بچین و لە ناوچە سنوورییەکان دوورتر بکەوینەوە، گۆرانی و جلوبەرگ و رێوڕەسمی شایی و ژنهێنان و پەتیتر و رەسەنترن، بە پێچەوانەوە ئەم نەریتانە لە ناوچە سنورییەکاندا بەهۆی کاریگەریی و بەریەککەوتنی کلتووریی و دەسەڵاتی سیاسی و گۆران لەم نەریتانەدا هەیە، لە لادێکاندا نەریتە رەسەنەکانی کوردەواری زیاتر باڵادەستن، لە شارەکاندا کەمتر پێوەی پابەندن، نەریتی شایی و ژنهێنان لەنێو شار و لادێکاندا جیاوازە (سندی، ١٠٥،٢٠٠٨). (ئیدمۆندس) باس لەوە دەکات کە هونەری هەڵپەڕکێ لە نێوچەکانی کوردستاندا چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، ئەو هەڵپەڕینانەی کە لەکات و شوێنی جیاوازی کوردستاندا بینیونی بریتی بوون لە (سێ پێیی، میلانە) کە بەشدارانی شان لەشانی یەکتر دەخەن، (شێخانی) کە هەڵپەڕینێکی توند و هێندێک بە جوڵە و جارجارە بەجوڵەی توند تەواو دەبێت، (ئایشۆک) کە لەودا بەشدارانی ئاڵقەیەکی تەواو پێکدەهێنن بەهەوا و هۆنراوەی عاشقانە لە وەسفی (ئاشێ بچکۆل) هەڵدەپەڕن. ئەم کوردناسە دەربارەی ژنی کورد لەم هەڵپەڕکێیانەدا دەڵێت:» لە گوندەکانی کوردستاندا ژنان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە شایی و هەڵپەڕکێدا هەیە، ژنان و پیاوان وەک یەک خێزان بەشداری بۆنەکانی یەکتری دەکەن، هەرکاتێکیش ژنان تێکەڵ بە هەڵپەڕکێ دەبوون، بوونەتە هۆی جۆشدان بە هەڵپەرکێکە، تەنانەت ناوی هەڵپەرکێکەش گۆڕاوە بۆ (ڕەشبەڵەک) کە واتای ڕەش و سپی یان ڕەنگاوڕەنگ دێت (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١١٩). گۆڕانی کەشوهەوا و وەرزەکان کاریگەریی لەسەر کاتی رێوڕەسم و بۆنە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکانیش داناوە، بەتایبەتی لەسەر ژن و ژنخوازی، (جیراڵد دۆهەر) باس لە خێڵەکانی وەڵەدبەگی و شەرەفبەیانی کورد دەکات، کە خەڵکی هەردوو ئێلەکە لە دوو مانگی وەرزی

هاویندا ژن و ژنخوازی دەکەن، بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی و بانگهێشتی خزم و کەسوکار و ئێلەکە بۆ ناوچە کوێستانییەکان دەکەن (دۆهەر، ٢٠١٩، ٣٢٨). لەلایەکی تریشەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنهێنان پەیوەندی بە بەسەری واریداتەوە هەبووە، واتە ئەوکاتەی کە دەغڵ و دان دروێنە کراوە یاخود بەروبوومی مەڕو ماڵات پێگەیشتووە، کە کاتەکەی دەکەوێتە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزەوە(زیاتریش هاوینەوە)، ئەگەر داهاتی دەغڵ و دان و مەڕوماڵاتەکە زۆر بوو بێت ئەوکاتە هاوسەرگیری ئەنجام دراوە. خۆ ئەگەر ساڵەکەی نەهات بوو بێت (جا لەبەر هەر هۆکارێك بوو بێت) ئەوە ژنهێنانی کوڕەکەش دواکەوتووە بۆ ساڵی داهاتوو یاخود کاتێکی تر. بۆیە ئاهەنگەکانیش بەشێکی زۆریان کەوتوونەتە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای هاوینەوە.

**٧. ژن و خشڵ:**

یەکێک لەو بابەتانەی کە (تۆمابوا) باسی لێوە دەکات کاریگەریی شوێنی نیشتەجێبوونی ژنە لەسەر ڕێژە و بڕی ئەو خشڵ و زێڕەی کە لەکاتی مارەییدا بۆ ژن دەکرێت، بە بڕوای (تۆمابوا) ڕێژەی ئەو خشڵ و زێڕەی کە لەکاتی شوکردنی کچدا بۆی دیاری دەکرا، گۆڕانی بەسەردا دەهات، کەم و زۆری بڕی ئەو مارەییە بەگوێرەی ناوچەکان و باری ئابووری کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دەهات، ژن لە مەڵبەندی لادێدا ڕێژەیەکی کەم خشڵ و زێڕیان بۆ دەکرێت، بە بەراورد بە ژنان لە مەڵبەندی شارە بچوکە تازە گەشەکردووەکاندا (تۆمابوا،١٩٨٠،١٠٩-١١١).

جگە لەم کاریگەرییانەی کە لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە، کوردناسەکان پێیانوایە لەنێو شوێنەکانی کوردستاندا (شوێنە پیرۆزەکان-و کانی وسەرچاوە ئاوییەکان) پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەرییەکی سەر سەرسوڕهێنەریان لەسەر ژنی کورد هەیە. ئەوان سەرنجی ئەم بوارەشیان داوە و ڕەنگدانەوەی ئەم دوو شوێنەشیان لەسەر ژنی کورد شرۆڤەکردووە.

شوێنە پیرۆزەکان: شوێنێکی کراوە و گشتین، بریتین لە گۆڕستان و نزرگەی شێخ و سەید و پیاوچاکێکی لەبیرکراو یان تەواو خەیاڵی، لە زۆر جێگەی کوردستاندا بەرچاودەکەون، خۆشەویستییان لە دڵ و دەروونی تاکی کوردا داکوتاوە، ژنانی کورد بۆ بەدیهێنانی ڕاز و نیازەکانیان سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن، (فرەیزەر) کە لە ساڵی ١٨٣٤دا گەشتی بۆ کوردستان کردووە، دەربارەی کاریگەریی شوێنە پیرۆزەکان لەسەر ژنی کورد، دەڵێت: « ئەو ژنانەی کە نەخۆشن بە مەبەستی چاکبوونەوە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، هەندێ قوماشی ڕەنگاوڕەنگ بە دارەکانی دەوروپشتی گۆڕەکەوە دەبەستن و لە خۆیانی دەپێچن» (فرەیزەر، ٢٠٢٠، ١١٤).

بە بڕوای کوردناسی ڕووسی (ڕۆدینکۆ)خۆشەویستی شوێنە پیرۆزەکان و پیرۆزکردن و پیرۆزڕاگرتنی (ئاگر، بەرد، درەخت، کانی...تاد) پەیوەندی بە باوەڕ و نەریتی کۆنی پێش مسوڵمانییانەوە هەیە، شوێنەواری باوەڕی کۆنیان تێکەڵ بە ژیانی مسوڵمانیشیان بووە و خوویان پێوەگرتووە (ڕۆدینکۆ، ٢٠٢٠،٢١٣). (فرەیزەر) دەڵێت: ژنانی کورد لە دوای مردنی کەسە نزیکەکانیان سەردانی گۆڕستان دەکەن و باس لە ژنێکی شاری سلێمانی دەکات، کە لەسەر گۆڕێکی نوێ دانیشتبوو زۆر بە پەرۆش بوو، بە کوڵ دەگریا، هەستی بە خەمێکی قوڵ دەکرد، خەریکی ڕازاندنەوەی گۆڕەکەبوو، بەردی سپی لەسەر گۆڕەکە دادەنا، ناوبەناو یەکێک لە بەردەکانی بە خۆیدا دەکێشا، هاواری دەکرد، ئەو لاواندنەوە و گریانەی هێمای ئەوەبوو کە مردووەکەی زۆر خۆشدەویست (فرەیزەر، ٢٠٢٠، ١٠٦).

ئەو مەزار و گۆڕانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا بوونەتە جێگەی ئومێد و جێ نیازی ژنانی کورد، کوردناسی ئەڵمانی (ئۆسکارمان) کە لە ماوەی (١٩٠١- ١٩٠٣) سەردانی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە، باس لە مەزار و گۆڕی شێخ (فەرخ) لە گوندی داودێ لە ناوچەی پشدەر لە بەشی خواروی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ دەکات. گوندی داودێ بەهۆی مەزاری شێخ فەرخەوە بۆتە ناوچەیەکی سەیرانگا و کۆڕی شایی بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا خەڵکی دەچنە داودێ، دوای سەیرانکردنیش پۆل پۆل ژن و کچ بۆ زیارەتی گۆڕەکە ڕێچکە دەبەستن، هەریەکە داواکاری خۆی بە بێدەنگی دەدرکێنێ، هەندێکیش بەرد دەنێن بە کێلی ژوور سەریەوە، هەندێک پەڕۆ لە ئاڵاکان دادەڕنن، لەولاشەوە کوڕ و کچ ڕەشبەڵەک دەکەن (ئۆسکارمان ، ٢٠١١، ١١٢- ١١٣).

یەکێکی دیکە لە شوێنە پیرۆزەکانی نێو کوردستان بریتییە لە مزگەوت، هەر مزگەوتێک گۆڕی زانا و پیاوانی ئایینی تێدا بێت زیاتر کاریگەریی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەسەر ژنی کورد داناوە، ژنانی کورد سەردانی ئەو مزگەوتانەیان کردووە، هەر لەمبارەوە (ئیدمۆندس) بۆمان دەگێڕێتەوە کە ژنانی ناوچەی بەرزنجە بۆ بینینی ئەو بەردە ڕەشەی کە بەگوێرەی گێڕانەوەکان (شێخ موسا و شێخ عیسا) لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان سەردانی ئەو مزگەوتەیان دەکرد، ئەو بەردە نزیکەی (١٢-١٥) ئینجێک دەبوو، لەلای ژووری مزگەوتەکە لە تەنیشتی دەرگاکە لە دیواریان نابوو، ژنان و پیاوان بەڕادەیەک ئەو بەردەیان ماچکردبوو کە ساف و لوس دەدرەوشایەوە(ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٤٥).

- کانی و سەرچاوە ئاوییەکان (ژن و کانی): کانی و سەرچاوە ئاوییەکان بریتین لە شوێنێکی ئاشنا و گشتی و کراوە، ئەگەر دیوەخان و چایخانە بۆ پیاوان شوێنی کۆبوونەوە و بینینی یەکتر و گۆڕینەوەی بیروڕابێ، بۆ ژنانیش شوێنێکی داخراو بێت، ئەوا کانییەکان ئەو شوێنە کراوە و گشتییە بوون کە جێگەی دیوەخانی بۆ ژنان گرتۆتەوە. (ئیدمۆندس) دەڵێت:» کانی گووندەکان جوانترین دیمەنی لادێکانن، دار و درەختی زۆری لێیە، لە نزیک شوێنی هەڵتۆقینی ئاوەکەدا (سەکۆیەک) دروست دەکەن، یاخود دەوری کانییەکە بە بەرد هەڵدەچنن، گوندییەکان دەست نوێژی لێ هەڵدەگرن، نوێژی تێدا دەکەن، کەمێک لەولاتری کانییەکەشەوە حەوز یان جۆگەلە ئاوێکی لێیە کە دەوریان بەجوانی تەنیوە، ژنەکان دەچن خۆیانی لێ دەشۆن و قسەوباسی تێدا دەگۆڕنەوە (ئیدمۆندس، ١٤٠،٢٠٠٤). (ڕیچ) وێنە و دیمەنی هەندێ لە ژنانی ئێزیدیمان بۆ تۆماردەکات لە گوندی (شەرابی) کە جۆگە ئاوێکی بچوک لە گوندەکەدا هەڵدەقولا و بەناو گردۆڵکەکاندا دەڕۆیی، ئەو ژنانە خۆیان تێدا دەشۆرد و یەکێکیان بەشێوەیەکی ناجۆر خۆی داماڵی بوو بۆئەوەی دەست بە ئاو بگەیەنێت (ڕیچ،٢٠١٢ ، ١٠٠).

ژنی کورد بۆ (ئاوهێنان، جلشۆرین، قاپشۆرین، خۆشۆردن) سەردانی کانی و سەرچاوە ئاوییەکانی کردووە. لەمبارەوە (ولیەم هیود) دەڵێت:» بەهۆی ئەوەی لە گوند و ژیانی کۆچەریدا حەمام نەبووە، بۆیە ژنی لادێ و کۆچەرەکان بۆ خۆشۆردن ڕوویان کردۆتە نێو چەم و ڕووبارەکان، بۆیە ژنەکان خۆیان تێدا دەشۆرد، مەلەیان تێدا دەکرد»( هیود، ٢٠١٢، ٤٨ ).

شوێنی کوردستان ڕۆڵێکی بنچینەیی لە دیاریکردنی جۆر و شێوەی بەسەربردنی ژیان بینیوە، (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەدات، ژینگەی کوردستان خاوەنی چیای بەرز و لەوەڕگای لەبارە بۆ ئاژەڵداریی، ئاووهەوای یەک جۆر نییە، کەش هەوای جۆراوجۆر بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شێوە ژیانی جیاوازی کۆچەری و نیشتەجێ، ژن لەم دوو شێوە ژیانەدا شوێنی ژیانی ژن جیاوازە (ڕۆدینکۆ،٢٠٨،٢٠٢٠). ڕەوش و ژیانی ژنانی کورد لە ژیانی کۆچەریی و نیشتەجێیدا جیاواز بووە، ژنی کۆچەریی شوێنی مانەوە و خەو و کار و خۆراکیان بریتی بووە لە ڕەشماڵ، شوێنی ژنی نیشتەجێش بریتی بووە لە خانوو.

## ٨. ژن و ڕەشماڵ:

ڕەشماڵ شوێنی ژیان و تێکۆشانی ژنانی کۆچەریی کوردە، کۆچەریی ئەوانەن کە نیشتەجێ نابن و گوندیان نییە، ئاژەڵ و ڕانی گەورەیان هەیە، خەریکی کاری کشتوکاڵی نابن، مەگەر ناچار بکرێن، باری ئابووریشیان وادەخوازێ کە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ ڕابگرن (برونەسن، ٢٠٠٣، ٤٦-٤٧). کۆچەریی کورد تەنها لەوەدا لە کوردە نیشتەجێکان جیاوازە کە دوو ڕەشماڵ ماڵ یان دوو جێگەیان هەیە، یەکێکیان لە دەشت یان دۆڵە نزمەکاندایە، ئەوەکەی دیکەیان لە داوێنی شاخە بەرزەکاندایە، بەتایبەتی گردە بەرزەکان، کە ژیانی هاوینی تێدا بەسەر دەبەن. کۆچەریی کورد گۆڕان بەسەر ئەو شوێنانەدا نایەت کە بۆی دەچێت، هەموو ساڵێک بەهەمان ڕێگەدا بۆ هەمان شوێن دەگەڕێتەوە. ئەوەش وایکردووە کە کۆچەریی کورد شارەزاییەکی تەواو لەسەر ئەو شوێنانە پەیدا بکات، هەروەها بەهۆی سەختی ئەو ڕێگایەی کە لەکاتی کۆچیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت کارێکی وایکردووە کە نەتوانێت شتومەک زۆر لەگەڵ خۆیدا بگوازێتەوە(ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان،٢٠١٢، ١٣٥-١٤٠).

لەنێو ژیانی کۆچەرییدا شوێنی نیشتەجێبوونی ژنان بریتییە لە نێو ڕەشماڵەکان. هەرچەندە ڕەشماڵەکان قەبارەیان بچووکە و بۆ حەوانە و پشودان و خەوتن بەکاردێن و شوێنێکی ئاشنا و داخراون، بەڵام ژنانی کۆچەریی ڕەشماڵەکانیان لە خانووی خۆشی شار پێ باشترە، ژنان لەنێو ئەم شوێنە ئاشنا و داخراوەدا شوێنی تایبەتیان بۆ جیاکراوەتەوە، بەشێک لە چالاکییەکانیان لەنێو خودی ئەم شوێنە ئاشنا و داخراوەدا ئەنجام

دەدەن. لەنێو ئەو ڕەشماڵانەدا ئاگردان هەیە، کە بریتییە لە چاڵێکی چەند پێ قووڵ کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە، لەکاتی بوونی بادا ڕەشماڵەکە پڕ لە دووکەڵ دەکات، بەڵام ژنان و ئەندامەکانی تری خێزان بەوجۆرە ژینە سەختە ڕاهاتوون (عومەر،١٩٩٣، ١١٣). (ئیدمۆندس) کاتێک باسی شوێنی ژیانی ژنانی هۆزە کۆچەرەکانی کورد دەکات دەڵێت:» لەناو جەماوەری خێڵەکی دەوارنشیندا بەشێکی ڕەشماڵەکە تەرخانکرابوو بۆ ژنان، کە دەتوانن بە سەربەستی کاری نێوماڵیان تێدا ئەنجام بدەن (بێخەف، لانکی مناڵ، گەنمی زستان، برنج، ڕۆن، لە بەشی تایبەت بە ژنان دادەنێن، ژنان و پیاوان لەنێو ڕەشماڵەکەدا لێک جیانابنەوە، بەڵام ژنان ناچنە ژووری پیاوان، لە هۆدەی ئەوان دانانیشن، بەڵام لە ژووری خۆیاندا زۆر ئازاد و بەدڵی فراوان و پاکەوە خزمەت بە دۆست و ناسیاوانیان دەکەن»(ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢٠٥).

(تۆمابوا) دەڵێت:» ژنانی کۆچەریی کورد لەنێو دەوار و ڕەشماڵگاندا شوێنی تایبەتیان بۆ جیادەکرێتەوە، هۆکاری جیاکردنەوەی ئەو شوێنەش بۆئەوەیە کە ژنەکان تێکەڵی پیاوان نەبن (تۆمابوا،١٩٨٠،٥٣-٥٧).کۆچەریبوون و ئەم شێوە ژیانەی لەنێو هۆزە ڕەوەندەکاندا باو بووە کاری لەسەر ژیانی ژن لەم مەڵبەندەدا کردووە، بەوەی کەمتر گۆشەگیربن و سەربەستی جوڵانەوەیان زیاتر بێ. هەروەها سرووشتی ژیانی کۆچەرییش کە خۆیان نابەستنەوە بە یەک شوێنەوە و خەریکی گەرمیان و کوێستانن، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگایەکی دوور و درێژ دەبڕن، ئەوەش وایکردووە کە ژنانی کۆچەر لە پاڵ بڕینی زەحمەتی ئەو ڕێگە دور و درێژانەدا بەشێک لە کاری سەختیش بکەوێتە ئەستۆیان.(ڕیچ) وێنەی ژیانی بەشێک لە ژنە کۆچەرییەکانی هۆزی جافمان بۆ دەگوازێتەوە، کە لە ناوچەی پێنجوێندا هەواریان هەڵدابوو، دەڵێت:» جافە کۆچەرییەکان ڕەشماڵ و باروبنەیان زۆر بەڕێک و پێکی پێچابووەوە، بەشێوەیەکی ڕێک لەسەر پشتی گا و مانگا باریان کردبوون، ژنانی ئەم هۆزە وەک پیاوان بە پێ دەڕۆیشتن(ڕیچ، ١٩٢،٢٠١٢)

(لووسی گارنێت) باس لە ڕەوشی ژنانی هۆزە ڕەوەندەکانی باکوری کوردستان دەکات و دەڵێت:» هەندێک کات لانکە (بێشکە) یەک دوو سێ منداڵی تێدایە لە پشتی خۆیان شەتەکی دەدەن، هەندێک کاتیش بەشێک لە ژنەکان وەک پیاوەکان بە پێ دەڕۆن، سەرپەرشتی کۆچ و ڕەوەکە دەکەن، ژنانی کۆچەر جگەلە لەوەڕاندنی مەڕ و شوانیدا کە کاری پیاوانە، سەرجەم کارەکانی دیکە دەکەوێتە ئەستۆی ژنان»(گارنێت، ١٩٩١،١٢). (ئیدمۆندس) یەکێک لە دیمەنەکانی کۆچ و ڕەوی کۆچەرییەکانمان بۆ دەگوازێتەوە و دەڵێت:» ئەو عەشیرەتانەی کە تەواوی ژیانی خۆیان لە ڕەشماڵەکاندا بەسەر دەبەن، بەپێی وەرزەکانی ساڵ لەگەڵ مەڕوماڵاتیان لە دەشتەکانی عێراق و چیاکانی ئێران و تورکیا لە هاتوچۆدان، بینینی ئەو خەڵکە لە کاتی کۆچکردن کە هەزاران سەر مەڕ و بزنیان پێش خۆیان داوە و باوڵ و ڕەشماڵ و قابلەمە و قاچاخی ناوماڵیان لە پشتی گاو گوێدرێژ و ژنان شەتەک داوە، زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە»(ئیدمۆندس، ٢٣،٢٠٠٤).

(تۆمابوا)ش باس لە یەکێک لە دیمەنەکانی ژنانی کۆچەریی کورد دەکات، کە لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە هاوینە هەوارەکان بەدەم تەشی ڕستن و گوێزانەوەی ڕاخەرە ڕەنگا و ڕەنگەکانیانەوە و ڕۆیشتنی ئاژەڵەوە گۆرانی خۆشەویستی دەڵێن، گۆرانییەکان لێوانلێوە لە هەستێکی قوڵ بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەبێتەوە و دڵ پڕ دەکات لە خۆشەویستیی و ناوەڕۆکی گۆرانیەکانیش پڕیەتی لە وشەی توێکڵدار و بەشێوەی (تیر و توانج) باس لە شێوەکانی خۆشەویستیی دەکەن، سەرنج لە جوانی لەشولاری خۆیان دەدەن، ئەو گۆرانییانە زیاد لە جارێک دووبارە دەکەنەوە، لەنجەو لار و دیمەنی ڕۆیشتن و هەڵسوکەوتیان بە باڵندەی کێویی وکەو و لەنجەی قاز و مراوی کێویی و کەوی دەشت دەچێت و خۆیان با دەدەن (تۆمابوا،١٩٨٠، ١٠٨-١٠٩).

(لوسی گارنێت) بەشێوەیەکی قوڵتر کاریگەریی شوێن لەسەر ژنی کۆچەریی لە باکوری کوردستان دەکات، دەڵێت:» ژنانی کۆچەری ئاکار و ڕەوشتیان تەواو پێچەوانەی ژنانی نیشتەجێیە، چوست و چالاک و زیرەک و شەڕانین»( گارنێت، ١٩٩١، ٦).

**٩.ژن و خانوو:**

کاتێک باسی ژن و خانوو دەکەین، مەبەستمان لە جۆری ژیانی نیشتەجێی گوند و شارەکانە، شوێنی ئاشنا و تایبەتی مانەوەی ژنی نیشتەجێ لەبری رەشماڵی ژنی کۆچەریی، بریتییە لە شوێنێکی داخراو کە پێی دەگوترێ (ماڵ-یان خانوو)، ئەو کەرەستانەی کە لە بواری دروستکردنی خانووی گوند و شاردا بەکاردەهاتن، بریتی بوون لە بەرد و خشت و قور، کوردناسەکان وەسفی ئەم شوێنەیان بە شوێنێکی بەرتەسک و تەنگ کردووە. (هێنری بێندەر) لە ساڵی ١٨٩٥دا گەشتی بۆ کوردستان کردووە، کاتێک باسی خانوو و ژووری ماڵی کوردانی رۆژهەڵات دەکات دەڵێت:» ماڵەکانیان زۆر بچووکن، لە یەک ماڵدا (پشیلە، سەگ، مریشک، ژن و پیاو، زیندەوەری جۆراوجۆر) پێکەوە دەژین»(بێندەر، ٢٠٠٦، ١٥٣). ناوبراو لە جێگەیەکی تردا کاتێک وەسفی ئەو خانووانە دەکات، کە ژنانی ناوچەی کرمانشان تێیدا دەژیان، دەڵێت:» لە یەک کاتدا ئەو خانووانە بۆ دانیشتن و بۆ راگرتنی ئاژەڵیش بەکاردێن، نموونەی ماڵێک باس دەکات کە (پیاوێک، ژنەکەی، زاوا، کیژەکەی، دوو منداڵ، جووتە گایەک، دوو وڵاخ، چوار مەڕ) لەو خانووەدا دەژیان، ئەوانە لەنێو بێزراوترینی پیسیدا ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت خۆشیان بە بەدبەخت نازانن» (بێندەر، ٢٠٠٦، ٤٤٨). یەکێکی تر لەو شوێنانەی کە لەنێو خانووەکانی مەڵبەندی نیشتەجێدا ئاشنا و تایبەتیشە بریتییە لە (دیوەخان)، کورد رەچاوی دانیشتنی نێو دیوەخانیش دەکات، لە دانیشتنی رەچاوی پلەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکرێ، (فرەیزەر) دەڵێت:» کەسانی هەژار و کەمدەست نەیان دەتوانی لە بەشی سەرەوەی دیوەخان دابنیشن، ژنانیش لە دەرەوەی دیوەخاندا دادەنیشتن، دیوەخان شوێنی پیاوانە نەک ژنان»(فرەیزەر، ٢٠٢٠، ٧٩). (هارۆلد هانسن) باسی ئەوە دەکات (ژنی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ)، دیوەخان دەماڵن و ئەگەر پیاویش لە دیوەخان نەبێ لەگەڵ میوانی ژن لە دیوەخان دادەنیشن. بەبڕوای (هانسن) لەنێو خانووی کوردیدا ژنان هەرچەندە بایەخ بە ڕازاندنەوەی نێو ماڵ نادەن هیچ بیر لەوە ناکەنەوە بەو کەرەستانە نێو ماڵ برازێننەوە، کەلوپەل و شتەکانی ژنەکان لە باوەڵێکدا بوون، باوەڵ سندوقێک بوو لە تەختە یان تەنەکە دروست کرابوو(هانسن،١٩٨٣، ٨٥، ٣٧٨-٣٧٩ ).

بەبڕوای (تۆمابوا) ژن لە مەڵبەندی لادێ و گوندە دوورە دەستەکان رەوشی ژیانیان قورسترە، سرووشتی سەختی گوندەکان و پەیوەستبوونی خێزانی کوردی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی وادەکات کە ژنان بەشێک لە کاری پیاوان ئەنجامبدەن (تۆمابوا،١٢٣،١٩٨٠).

(جانیت کلاین) برِوای وایە هەندێك تایبەتمەندی لەنێو ژنانی گوندا بەدی دەکرێت کە لەنێو ژنانی شاردا بەدی ناکرێت، یاخود کەمبوونەتەوە وەک (جیدیبوون، بەهێزبوون، چالاکبوون، ئازادبوون). جگە لەوەش تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان زیاتر لای ژنانی لادێ دەبینرێ، ئەوان بۆ پاراستنی ئاکار و رەوشتیان بە پەرۆشترن، زیاتر پارێزگاریان لێ کردووە، خەسڵەتە رەگەزیی و راستەقینەکانی خۆیان پاراستووە. بەڵام ژنانی شار یاخود ئەوانەی کە کۆچیان بەرەو شارەکان کردووە تایبەتمەندییە رەگەزیی و راستەقینەکانی خۆیان لەدەست داوە (بروینسێن،١٢٣،٢٠١٢).

(لووسی گارنێت) کاتێک وەسفی ژنانی نیشتەجێی باکووری کوردستان دەکات، دەڵێت:» ژنانی نیشتەجێ بەپێچەوانەی ژنانی کۆچەرییەوە تەپ و سستن، هێندەی کۆچەرییەکانیش زیرەک نین، رەفتاریشیان لە هی خێڵەکییەکان نەرم و رێکترە( گارنێت، ١٩٩١، ٦). (تۆمابوا) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شوێنەی کە ژنی کوردی تێدا دەژی کاریگەریی لەسەر سەربەستی جوڵەی ئەو ژنە دروست دەکات، ژنانی نێو لادێکان بەرێژەیەکی زیاتر لە ژنانی نێو شارەکان جوڵەیان زیاترە، هەروەها ئەو ژنانەی کە لەنێو لادێکاندا دەژین بەشێکی زۆری کارە قورسەکانیش ئەنجام دەدەن(تۆمابوا،١٢٣،١٩٨٠). (هارۆلد هانسن) لەژێر کاریگەریی شوێن لەسەر رەوشی ژنان و رادەی گۆشەگیری و جوڵانەوە و کار و رۆڵیان، ژنانی لادێ دابەشی دوو مەڵبەند دەکات، ئەوانیش بریتیین لە: (مەڵبەندی ساکاری دێ-و مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ). هانسن لە شیکاری رەوشی ژنانی ساکاری دێدا دەڵێت:» لە مەڵبەندی ساکاری دێدا ئەم چالاکییانە (ئاوهێنان، بەشداریکردنی جووت و دروێنە، گزرەکردن، کۆکردنەوەی دار و چیلکە، هەندێ کاتیش دروستکردنی خانوو...تاد) لە ئەستۆی ژنانە. ئەم کارانە ژن ناچار دەکەن لە ماڵ بچنە دەرەوە، هەر لەبەرئەوەیە گۆشەگیریی ژن لەم مەڵبەندەدا سەرناگرێ. بەهۆی کارەوە لەم مەڵبەندەدا ژن ناتوانێ لە ماڵەوە بمێنێتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ژنی ساکاری دێ (ژنی جوتیار، ڕەنجبەرەکان) زیاتر لە ژنە دەرەبەگەکان سەربەستی جوڵانەوەیان هەبێت. هەروەها ژن لەم مەڵبەندەدا ژنی دیکەی بەسەردا دێت، دیاردەی ژنی دووەم دیاردەیەکی نامۆ نییە(هانسن،١٩٨٣، ٣٨٢-٣٨٣ ).

جۆری دووەم بەگوێرەی پۆلێنەکەی (هانسن) بریتییە لە (ژنی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ) دەربارەی ژنانی ئەم مەڵبەندەش نووسیویەتی:» رادەی جوڵانەوە و کارکردن و چوونەدەرەوەی ژن لەم مەڵبەندەدا کەمترە، ژنان لەماڵەوە دەردەچن، بەڵام زۆر کەم، کەمتر بەشداری بۆنەی زەماوەندیش دەکەن، کاتێکیش دەچنە دەرەوە دیارن و هەر لەگەڵ ژنانن و تێکەڵی پیاوان نابن، لەنێو گوندندا کەس هاوشانی خۆیان نییە تا سەردانی بکەن، ژنانی دەرەبەگایەتی دێ لەم ڕووەوە وەک خانمی بنەماڵەی پاشاکانن، مەیدانی کارکردنیان حەوشە و ژوورەکان و سەربانە، مەیدانی ئیشکردنیان دەگاتە ناو رەز، باخچەی تەنیشت ماڵ، دیوەخان دەماڵن و ئەگەر پیاویش لە دیوەخان نەبێ لەگەڵ میوانی ژن لە دیوەخان دادەنیشن، ژن لەم مەڵبەندەدا ژنی دووەمی بەسەردا دێت و هەموو مناڵەکانیش پێکەوە دەژین(هانسن ،١٩٨٣، ٣٧٨-٣٧٩).

شایانی باسە ژیانی ناو شار جیاوازە لە ژیانی نێو گوند و کۆچەریی، مرۆڤ لە شاردا زەمینەی زیاتری بۆ دەڕەخسێت تا گەشە بەلایەنی رۆشنبیریی سیاسی خۆی بدات، کوردناسەکان لە نوسینەوەی مێژووی ژنانی کوردا، باسیان لە قەبارە و زیندوێتی ژیانی ناو شار و کاریگەرییەکانی کردووە.

**١٠. ژن و شار:**

شار ئەو ناوەند و مەڵبەندەیە کە خەڵکێکی زۆری تیدا کۆدەبێتەوە، ئەو خانووانەی کە لە شاردا دروست دەکرێن لە خانووی نێو گوندەکان ڕێکوپێکترن، ئەوەش وادەکات ئەو ماڵەی کە ژن تێیدا دەژی لەو خانووەی کە ژنی نێو گوندەکان تێیدا دەژین جیاوازتربێت، (تۆمابوا) باس لەوە دەکات، کە خانووی شارە کوردییەکان فراوانتربوون، لەنێو خانووەکاندا بە هەیوانێک جێگەی ژنان لە پیاوان جیاکرابۆوە(تۆمابوا،١٩٨٠،٥٣-٥٧).

لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی ژینگەی شار ژینگەیەکی کراوەتر و رۆشنبیر ترە و زیاتر گرنگی بە خوێندن و فێرکاریی دەدرێت، ئەوەش وادەکات هەلی فێربوونی زانست و زانیاری زیاتر بۆ ئەو ژنانە برەخسێت کە لەنێو شاردا نیشتەجێن، (لووسی گارنێت) باس لە رەوشی ژنانی سلێمانی دەکات کە لەلایەن مەلاکانەوە فێری خوێندنەوە و نووسینی فارسی دەکران، ئەوەش وادەکات چەندین ژنی بەهرەدار دەربکەون، کە توانای رێکخستنی هۆنراوە و گووتنی گۆرانیان هەبوو، شیعر و گۆرانیان لەبارەی ڕووداوی کۆمەڵایەتی و خێڵایەتییەوە دادەنا (گارنێت، ١٩٩١، ٢٤).

مرۆڤ کاتێک لە شاردا نیشتەجێ دەبێت، ئاوەدانی و جۆری بینا و لایەنی شارستانێتی زۆرتر دەبینێت، هەریەک لەو شتانەی کە بەرچاوی دەکەوێت، لە بیرو ئەندێشەیدا جێگە دەگرێت و کاریگەریی دادەنێت، ئەم کاریگەرییە لە ژنێکی وەک (عادیلە خانم ١٨٥٩-١٩٢٤) بەڕوونی دەبینرێت، ئەم ژنە کوردە پێش ئەوەی شوو بکات، لە شاری سنەدا ژیاوە. بەچاوی خۆی کۆشک و بینا و تەلارسازی ئەو شارەی بینیوە و تێیدا ژیاوە، لەدوای ئەوەی شوو دەکات و دێتە هەڵەبجە، کە گوندێکی بچووک بووە، لەژێر کاریگەریی شاری سنەدا بیر لە گۆڕینی هەڵەبجە دەکاتەوە و بڕیار دەدات کۆشک و بینا و بازاڕ و زیندانی تێدا دروست بکات کاریگەریی شوێنی شار لە سەر (عادیلەخانم) تەنها لە بواری بنیاتنانی کۆشکدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لەسەر شێوازی هاوچەرخی ئێرانی باخچەکانی دەرەوە و ناوەوەی هەڵەبجەی رازاندۆتەوە، (مەیجەرسۆن) لەمبارەوە نووسیویەتی:» باخچەکانی هەڵەبجە هێندە چڕ و ناسکن و هێندەش دارو درەختی لێیە، تەنها دیمەنی لەو شێوەیە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بینراوە، ئەمەش بەهۆی ژنێکی کورد کە گەیشتۆتە ئەو ئاستە، لە شوێنێکی دوورە دەستی ئیمپراتۆریەتی تورکیادا لەژێر دەسەڵاتی ژنێکی کورددا ناوچەیەکی گەشەی کردووە، لە گوندێکەوە بووە بەشارۆچکە و سەردەمانێک وشک، بەڵام ئێستا پڕ باخ و باخاتە»(مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٢٥- ٢٢٦).

ژینگە و سرووشتی شار یەکێکە لەو ناوەند و پاڵپشتانەی کە زەمینە بۆ دەرخستنی توانا و لێهاتنە خودییەکان دەڕەخسێنێ، بەوەش توانا و لێهاتنەکان کە هێزێکی شاراوەی نێو ناخی مرۆڤن دەخرێنە گەڕ و زیاتر پەرەیان پێدەدرێ. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەهەمدا شاری سنە یەکێک بووە لە مەڵبەندە بەهێزەکانی کۆبوونەوە و دەسەڵاتداریتی بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان، بەشێوەیەکی نەبینراو شیعر و مێژوونووسی لەو شارەدا گەشەی سەندبوو، قوتابخانەیەکی تایبەتی مێژوونووسان سەریهەڵدابوو، چەندەها مێژوونووس لەو شارەدا هەڵکەوتبوون، لە ئەنتۆلۆگیای شیعریدا ناوی گەلێک شاعیر بەرچاودەکەون کە لەو سەردەمەدا ژیاون و بەرهەمیان بەخشیوە، بوونی ئەو کەلەپوور و پاشخانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ژیاریبە دەوڵەمەندەی شاری سنە ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر ژنێکی کورد بەناوی (ماە شەرەفخانمی کوردستانی ناسراو بە مەستوورە١٨٠٥-١٨٤٨) دادەنێت، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا دەربکەوێت و دەستبداتە نووسینەوەی مێژوو و بواری ئەدەبی و چەند بەرهەمێک بنووسێت (کۆمەڵێک نووسەری رووسی،٢٠٠٤، ٤٠). هەرچەندە ناکرێ بەتوانایی و لێهاتنی خودی مەستوورە و ئەو خێزانەی کە تێیدا ژیاوە لەم بوارەدا بخرێتە لاوە و بەهەند وەرنەگیرێ، بەڵام ناشکرێ کاریگەریی ئەو شوێنە دەرنەخرێت، لەکاتێکدا ئەگەر مەستورە کۆچەریی یان لە گوندێکدا بووایە بەوشێوەیەی ئێستا ناسراوە دەرنەدەکەوت.

کلتووری ژیانی نێو شار کۆپییەکی دەقاودەقی ژیانی نێو گوند و شێوە ژیانی کۆچەری نییە، بەسەربردنی ژیان لەنێو شاردا مرۆڤ پەیوەست بە کۆمەڵێک پرەنسیب و بنەماوە دەکات، سەبارەت بەم بابەتە (مەیجەرسۆن) نووسیویەتی:» ژن لە مەڵبەندی شاری (سلێمانی)دا بەدرێژایی رۆژ کاتەکانیان لە ماڵەوەدا بەسەر دەبەن و کەمتر دەچنە دەرەوە، چوونە دەرەوە تەنها نەریتێکی پیاوانە و بەپێچەوانەی ژنانەوە هەر لە سەرەتای رۆژەوە دەچنە دەرەوەی ماڵ تا ئێوارانێکی درەنگ»(مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٩٥). (کاپتن لاین) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە (١٩١٩-١٩٢٩) دەربارەی شوێنی ژیانی ژنە کوردەکانی هەولێر دەڵێت:» ژنانی نیشتەجێی ئەم شارە ژیانێکی داخراویان بەسەر دەبرد، کاتێک کیژێکیان شووی دەکرد، ئیتر لە چوار دیواری ماڵە مێردیدا زیندانی دەبوو، هەرگیز رێگەی هاتنەدەرەوەی پێ نەدەدرا، هەربۆیە ئەو کیژانەش مناڵی ناتەندرووستیان دەخستەوە و زۆربەی کات بە نەخۆشی سیل دەمردن (لاین، ٢٠٠٧،٧٥). (هارۆلد هاڵسن) ژنانی نێو شار بۆ دوو دەستە پۆلێن دەکات (ژنی خوێندەواری مەڵبەندی شار) و (ژنی نەخوێندەواری مەڵبەندی شار)، ژنی خوێندەواری مەڵبەندی شار بەپێچەوانەی ژنانی ساکار و دەرەبەگی مەڵبەندی دێ دەرفەتی خوێندن و چوونە قوتابخانەیان هەیە، وەک ژنی ساکاری دێ سەربەستی جوڵانەوەیان هەیە، لەڕووی جوگرافییەوە هیچ جۆرە گۆشەگیرییەک لە مەڵبەندی خوێندەواری ژناندا نییە، لەکاتی چوونە دەرەوەدا تێکەڵ بە پیاوان دەبن، ژنی خوێندەوار و شار تەنها بۆ کاتی ئیشکردن دەچوونە دەرەوە، کاتەکانی تریان لە ماڵەوەدا بەسەر دەبرد، ژنی مەڵبەندی خوێندەواری شار وەک ژنی مەڵبەندی ساکاری لادێ سەربەستی جوڵانەوە و چوونەدەرەوەی هەیە، بەڵام جوڵانەوەکەی لە مەودای کاری خۆی تێناپەڕێت، هەروەها لەم مەڵبەندەدا فرەژنی دیاردەیەکی باوە(هانسن،٣٨٤،١٩٨٣-٣٨٦ ).

جۆری دووەمی ژنانی شار لە پۆلێنکارییەکەی (هانسن)دا بریتین لە (ژنی نەخوێندەواری مەڵبەندی شار)، ژنانی نێو ئەم مەڵبەندە زیاتر گۆشەگیرترن، لە ژیانی رۆژانەدا تێکەڵ بە پیاوان نەدەبوون، ئەو گۆشەگیرییەی ژنانی ئەم مەڵبەندە بەمانای ئەوە نایەت کە لە ماڵ نەدەچوونە دەرەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی میوانی بەلێشاو سەردانی یەکتریان دەکرد، ژنانی نێو ئەم مەڵبەندە دابڕانێک لە نێوان دونیای ژنان و پیاواندا هەبوو، هەرشتێک پەیوەندی بە پێداویستییەکانی ماڵەوە هەبووایە لەلایەن پیاوەوە دەکڕدرا، یان خۆی یان بە منداڵێکدا بۆ ماڵەوەی دەناردەوە، ژنی ئەم مەڵبەندە بەریەککەوتنی کەمیان لەگەڵ پیاوی بێگانەدا دەبێت، ژنی نەخوێندەواری شار ژیانیان داخراو و لاتەریکە، ئەم جۆرە ژیانە لە جیهانی خۆرئاوادا پێی دەگوترێ بەندایەتی، لەم مەڵبەندەدا فرەژنی دیاردەیەکی نامۆ نییە و روودەدات، بەڵام لە دوو ژن تێناپەڕێت(هانسن،٣٨٧،١٩٨٣-٣٨٩ ).

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین کوردناسەکان بە زەقی باسیان لەوە کردووە کە ژینگە و تۆپۆگرافیای کوردستان کاریگەرییەکی هەمەجۆرەی لەسەر ژنی کورد داناوە، ئەوان پێیانوایە سنوور و مەودای ئەو کاریگەرییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و کلتووریدا ڕەگی داکوتاوە، هەروەها لە بواری جەستە و شێوە و ناو و ئاکاردا بە ڕوونی دەبینرێت.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێکمان لا گەڵاڵە بوو، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

١. شوێن وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی دروستبوونی مێژوو، کاریگەرییەکی بنەڕەتیی و ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی مێژووی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەکەی جێهێشتووە.

٢. کوردناسەکان بە وردی کایەیەکی نوێی مێژوویان بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە، کە لە مێژووی نووسراوی کوردیدا لەلایەن مێژوونووسانی کورد جێگەی بایەخپێدان نەبووە، لەکاتێکدا گرنگییەکی بنەڕەتیی بۆ بواری مێژوونووسیی کوردیی هەبووە، کە ئەویش کاریگەرێتییە ژیانییەکانی ڕەگەزی شوێنە لەسەر بزووتنەوەی ژنی کورد لە مێژوودا.

٣. شوێن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر (ناو، زمان، هونەر، جەستە، کار، خشڵ و خۆڕازاندنەوە)ی ژنی کورد جێهێشتووە.

٤. کوردستان بەوپێیەی لە ڕوانگەی ئاینیی و مەزهەبییەوە کۆمەڵگەیەکی فرەییە، ئەوا شوێنە ئاینییەکان کاری جۆراوجۆریان لەسەر ژنی کورد کردووە.

٥. دەرخستنی ڕۆڵی (کانی) لە ژیانی ژنی کورددا، ژن لەنێو ڕەشماڵ و خانوو، هاوکات ژن لە لادێ و شاردا و دەرخستنی جیاوازییەکانیان، بەوردی لەلایەن کوردناسەکانەوە هەڵوێستەی لەسەر کراوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١. ئەندروس. ف- دەیڤید، (٢٠٠٩)، گەلە بەشخوراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢. ئۆسکارمان، (٢٠١١)، توحفەی موزەفەریە، و. هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣. ئیدمۆندس. سیسیل جۆن(٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و. حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، لە بڵاواکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤. المەلاح. هاشم یەحیا، (٢٠١١)، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فەلسەفەی مێژوو)، و. دەوەن حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥. برونەسن. مارتین فان، (٢٠٠٣)، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. د.کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٦. برونەسن. مارتین فان، (٢٠١١)، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و. د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٧. بروینسێن. مارتین ڤان (ئەوانی تر)، (٢٠١٢)، ناسیونالیزمی کوردی و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، و. وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. بێندەر. هێنری،(٢٠٠٦)، سەفەرنامەی هێنری بێندەر(کوردستان، میزۆپۆتامیا و ئێران) و. ئەبوبەکر خۆشناو،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٩. بەیگی. فەرامەرز ئاغا، (٢٠١٤)، کورد لە سەفەرنامەکاندا، کوردەکانی ئێران، لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٠. تۆمابوا، (١٩٨٠)، ژیانی کوردەواری، و. حەمەسەعید حەمەکریم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

١١. جویس بلۆ. پ، د، (٢٠٠٤)، دۆزی کورد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. کارزان محمد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢. چریکۆف. مسیۆ، (٢٠١٣)، سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف، و. سەلاح نیساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٣. دمۆرگان. ژاک، (٢٠١٣)، کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی ژاک دمۆرگاندا، و. ئاسۆ عەبدولڕەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٤. دۆهەر. جیراڵد، (٢٠١٩)، کۆماری کوردستان و فیرقەی دیموکرات لە دۆکیۆمێنتەکانی ئەمەریکادا، و. د. کارزان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٥. ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، (٢٠١٢)، ویلایەتی موسڵ، و. محەمەد ئەمین حسەین عەلی (مینە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٦. ڕۆدینکۆ. م. ب.،(٢٠٢٠)، وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، و. ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

١٧. ریــچ. کلاودیوس جەیمس، (٢٠١٢)، گەشتنامەی ریــچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد حەمە باقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٨. ریچ. کلاودیوس جەیمس، (٢٠١٢)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد ئەمین حسین عەلی(مینە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٩. ڕەندڵ. جاناتان، (٢٠٠٣)، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی، و. سەلاحەددین ئاشتی، چاپی یەکەم، مەهاباد.

٢٠. سندی. بەدرخان، (٢٠٠٨)، کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەلاتناسیدا، و. أسماعیل أبراهیم سعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢١. شکوئی. حوسێن،(٢٠١٢)، جوگرافیاو فەلسەفەی جوگرافیا، و، ئاسۆ عبدالرحمن، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٢. عیسا. ئەلبێرت، (٢٠٠٢)، تیرەگەری و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدونداً،(لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و سۆسیۆلۆژییە)، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.

٢٣. فاید. رەجائی، ( ٢٠١٠)، کوردەکانی عێراق هیوا و ئاوات لە نێوان بەدیهاتن و بەدینەهاتن، و. عەلی میرزا عارف هەورامی،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٤. فرەیزەر. جیمس بیلی، (٢٠٢٠)، گەشتەکەی فرەیزەر بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا، و. د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٢٥. ڤاسیلیەڤا. ی. ئی،(٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی رۆژهەلات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و. د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٦. قادر. کامەران محەمەد، (٢٠١٥)، لە نێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا(دیمانەیەک بۆ تێگەیشتن لە مێژوو) چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٢٧. قەرەداخی. عەتا، (٢٠١١)، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٢٨. کۆچێرا. کریس، (٢٠١٣)، بزوتنەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حەسەن ڕەستگار، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

٢٩. کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٠)، هونەر و ئاین، و. هەژار رەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی(خانی) دهۆک.

٣٠. کۆمەڵێک نووسەری رووسی، (٢٠٠٤)، چەند وتارێکی کوردناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و چەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣١. گارنێت. لووسی،(١٩٩١)، ئافرەتی کورد لە تورکیا (باری ژیان و پیشەیان- داب و دەستوری ماڵەوەیان- بیروباوەڕیان داستان و چیرۆک و فۆلکلۆریان) بەشێکە لە کتێبی ئافرەتی تورکیا و فۆلکلۆریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد.

٣٢. لازاریف. میخاییل سیمۆنویچ، (٢٠١٦)، چەمکەکانی مێژووی کورد، و. مەنسوور سدقی.

٣٣. لازاریف. میخاییل سیمۆنویچ، (٢٠١٦)، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و. مەنسسور سدقی.

٣٤- لازاریف، م . س.(٢٠١٠) ، مێژووی کوردستان، و. وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣٥. لاین کاپتن، (٢٠٠٧)، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان١٩١٩- ١٩٢٩، و. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٣٦. مۆنتیسکۆ، (٢٠٠٣)، ڕۆحی یاساکان، و. ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٧. مینۆرسکی. ڤلادیمێر، (٢٠١٨)، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٣٨. مینۆرسکی. ڤلادیمێر، (٢٠١٨)، مینۆرسکی و کورد، و. ئەنوەر سوڵتانی چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٣٩. مینۆرسکی، (١٩٨٤)، کورد تێبینی و وردبوونەوە، و. حەمە سەعید حەمە کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٤٠. مەیجەرسۆن، (٢٠١٨)، گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، و. مینە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتیبخانەی یادگار، سلێمانی.

٤١. هانسن. هێنی هارۆلد، (١٩٨٣)، ژیانی ئافرەتی کورد، و. عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٤٢. هیود. ولیەم، (٢٠١٢)، سەفەرنامەی ولیەم هیود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧، و. نەجاتی (عەبدوڵلا)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**دووەم: گۆڤارەکان**

٤٣- ئەحمد. سامان حسین، (٢٠٠٩)، ڕۆڵی تۆبۆگرافیا لە ئاڕاستەکردنی ڕەوتی مێژوو لای فەرنان پرۆدیل، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (١١-١٢) ، هەولێر.

٤٤- عومەر. موحسین ئەحمەد، (١٩٩٣)، وێنەی کورد لای فەرەنسییەکان، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە (٦).

دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

٤٥. قسطنطین زریق،(١٩٨٥)، نحن والتاریخ، ط٦، بیروت.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360